## ئامرازەکانی سیاسەتی دەرەوە

### یەکەم/ دیبلۆماسی : Diplomacy:

- دیبلۆماسیەت پرۆسەیەکە لە میانەیدا حکومەتێکی دیاریکراو پەیوەندی بە دامودەزگای دارِشتنی برِیاری حکومەتێکی تر دەکات بە شێوەیەکی راستەوخۆ تاکو بەهۆیەوە دەوڵەت رەزامەنی دەوڵەتان بە دەست بهێنێت لە بارەی پلان و ئامانجەکانی.
- ئەرنست ساتو پێی وایە دبلۆماسیەت واتا، "بەکارهێنانی ژیری و زیرەکی لە بەرێوەبردنی پێوەندیەنێو دەولەتیەکان".
- هارولد نیکسون: "ئیدارەدانی پێوەندیە نێودەولەتیەکانە لە رێگای نوێنەرو بالیۆزو دیپلۆماتکاران".
- کەواتا دەتوانین بلێین کە دبلوماسیەت زانستو هونەری جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتانو یەکە نێودەوڵەتیەکانە لە ژینەگەی دەرەوەدا بە مەبەستی کاریگەری دروستکردنو بەدیهێنانی ئامانجەکان.

## جۆرەکانی دیبلۆماسیەتی کلاسیکی

1- **دیبلۆماسی دوو لایەنە**: لە کۆنترین شێوەی کاری دیبلۆماسیە، مەبەستیش لێی بریتیە لە رێکخستنی پەیوەندی نێوان دوو ولأت لەسەر بنەمای دانوستانی دووانەیی لە نێوانیان. ئەم دیبلۆماسیەتە جەخت دەکاتە سەر چەند تەوەرێکی سەرەکی وەك: بونیادنانی پەیوەندیە سیاسییەکان، هاریکاری و رەهەندی ئاسایش، فەرهەنگ و راگەیاندن و خوێندن، هاوکاری و هەماهەنگی و پەیوەندی نێوان وەزارەتەکانی دەرەوە.

2- **دیبلۆماسی بە کۆمەڵ**: ئەمەش لە کۆمەڵێك شێواز دەردەکەوێت، وەك ئەو کۆنگرانەی کە لە دەرەوەی رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان و هەرێمایەتییەکان دەبەسترێت بە شێوەیەکی کاتی بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەکی نێو دەوڵەتی.

3- **دیبلۆماسی نهێنی**: بریتیە لە دوورخستنەوەی رای گشتی و راگەیاندن و ئاگادار نەبوونیان بە پەیوەندییەکان یان ئەو دانوستانانەی کە دەوڵەت دەیبەستێت لەگەڵ ئەکتەرە دەرەکیەکانی تر.

**وە ئەمەش شێوازێکی بنەڕەتی باوە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان لە نێوان هێزە ئەوروپیە گەورەکان بە درێژایی ماوەی نێوان سەدەی پانزە تا هەڵایسانی جەنگی دووەمی جیهانی، وە سەرباری ئەم شوێنکەوتە خراپانەی لەم شێوازە کەوتەوە و هەڵایسانی جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی کەوتە ئەستۆ، ئەم شێوازە تا ئێستا کۆتایی نەهاتووە لە پەیوەندیە نێودەوڵەتییەکان، کە ئەمەش بە ڕوونی دەبینرا لە ئیدارەی ئۆباما کە جەختی دەکردە سەر بە تایبەت لە مەسەلەی گەیشتن بە ڕێککەوتنی بەرنامەی ئەتۆمی لەگەڵ ئێران لەساڵی 2015. وە یەکێك لەو هۆکارانەی کە بووە هۆی بڵاوبوونەوەی ئەم شێوازە لە کۆندا هێواشی گواستنەوەی زانیاری بوو و بڵاوبوونەوەی بوو بە گوێرەی ئاستی پێشکەوتنی تەکنەلۆجی بەردەست لەو کاتەدا.**

4- **دیبلۆماسی ئاشکرا: مێژووی ئەم جۆرە دیبلۆماسیەتە دەگەڕێتەوە دوای جەنگی یەکەمی جیهان و ڕاگەیاندنی چواردە بنەماکەی وێلسنی سەرۆکی ئەمریکا، و ڕەخنە گرتن لە دیبلۆماسیەتی نهێنی. لێرەدا کاریگەری رای گشتی و بانگەواز بۆ ئاشکرایی ڕێکەوتنە نێودەوڵەتیەکان و تۆمارکردنی لە کۆمەڵەی گەلان و پاشان لە نەتەوە یەکگرتووەکان دەرکەوت.**

## جۆرەکانی دیبلۆماسیەتی نوێ

1- **دیبلۆماسیەتی لوتکە**: Summit Diplomacy **مەبەست لێی ئەو کۆنگرانەیە کەوا سەرۆکی دەوڵەتەکان دەیبەستن لە نێوان خۆیان بۆ گفتوگۆ کردن لەسەر چەند بابەتێکی نێودەوڵەتی یان پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەتە بەشدار بووەکان لە دیداری لوتکە، ئەم جۆرە دیبلۆماسیەتەش لەم ساڵانەی دوایی زیاتر دەرکەوتووە.**

**ئەم جۆرە چالاکیە دیبلۆماسیە ڕەنگدانەوەی مەودای پێشکەوتنی گرنگی پەیوەندی نێوان دەوڵەتان و بایەخی حکومەتەکانی جیهانە لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی.**

**بیرۆکەی دیداری لوتکە لەوە هات کە ببێتە هۆکارێك بۆ دانانی چارەسەری ریشەیی ڕێکەوتتنامە گرنگەکانی نێوان دەوڵەتان چونکە دیداری نێوان سەرکردە نێودەوڵەتیەکان بە هۆی ئەو دەسەڵاتە زۆرەی هەیانە یاریدەدەرە بۆ فەراهەم کردنی کات و توانا و خێرا گەیشتن بە بڕیارە گرنگەکان.**

### 2- دیبلۆماسیەتی قەیرانەکان Crisis Diplomacy:

**مەبەست لەم جۆرە دیبلۆماسیەتە ئەو چالاکیە دیبلۆماسیەیە کە ئاراستە دەکرێت بۆ چارەسەری قەیرانە نێودەوڵەتیە لەناکاوەکان. وە ئیدارەدانی قەیرانە نێودەوڵەتیەکان بۆتە ئیدارەدانێکی گرنگ لە پەیوەندیە نێودەوڵەتیە هاوچەرخەکان. ئەمەش لەبەرئەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هاوچەرخ رووبەرووی قەیرانی سیاسی جیاواز دەبێتەوە لە ئەنجامی جیاوازی ئایدیۆلۆژی و سیاسی و ئابووری نێوان دەوڵەتان و بەهۆی بێ توانایی یان نەبوونی ئارەزووی دەوڵەتان لە بەکارهێنانی هێزی سەربازی بۆ دانانی سنورێك بۆ قەیرانەکان. لەبەرئەوە دیبلۆماسیەتی قەیرانەکان وەك ئەلتەرناتیڤێك بوو بۆ جەنگ و دەرچوون لە تەنگژەی نێوان دەوڵەتان.**

### 3- دیبلۆماسیەتی هاوپەیمانیەتیەکان Alliance Diplomacy:

**ئەمەش واتە ئەو چالاکیە دیبلۆماسیەیە کە هەوڵ دەدات بۆ دروستکردنی هاوپەیمانی سەربازی و سیاسی. دەرکەوتنی ئەم جۆرە دیبلۆماسیەتە لە ئەنجامی زیادبوونی ئاراستەی دەوڵەتانە بەرەو هاوپەیمانێتیەکان. کە سروشتی ئاژاوەگێڕی و ململانێی هێز لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی هاوچەرخ گرنگی ئەم هاوپەیمانیەتە سەربازییانەی سەپاندووە. هەروەها هاوپەیمانێتیە سیاسییەکان بوونەتە ئامرازێك بۆ زیاد بوونی هەژموونی سیاسی کۆمەڵە نێودەوڵەتیەکان و دەوڵەتە بەهێزەکان لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی. هەر لەبەرئەو هۆکارەشە ئەم دیبۆماسیەتە گرنگیەکی زۆری وەرگرتووە بۆ ئاسایشی دەوڵەت زیاتر لە هەموو گرنگیەکانی تر.**

## 2- ئامرازە ئابوورییەکان

**ئامرازە ئابوورییەکان وەك هۆکارێك بۆ سیاسەتی دەرەوە پێگەیەکی گرنگی هەیە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتیە هاوچەرخەکان. وە ئەمەش دەگەڕێتەوە بر دوو هۆکاری سەرەکی:**

**یەکەم: خۆشگوزەرانی ئابووری بۆ گەلەکانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پێگەیەکی گرنگی هەیە لە پێداویستیە سەرەکی و لە پێشەکانی ئامانجە نەتەوەییەکانی حکومەتە سەردەمیەکان. کێشە ئابوورییەکانی وە ك بێکاری و هەڵاوسان و کەمکردنی مادده خۆراکیەکان حکومەتەکانی بەر خۆوە خەریك کردووە و مانەوەی لە دەسەڵات پەیوەستە بە چارەسەرکردنی ئەم کێشانە.**

**دووەم: زیادبوونی پاڵپشتی ئاڵوگۆری ئابووری لە نێوان دەوڵەتان و ئەمەش لە ئەنجامدا وایکردووە زیاتر بایەخ بەم ئامرازە ئابوورییانە بدرێت وەك هۆکارێکی سیاسەتی دەرەوە.**

## 3- هێزی چەکداری:

**ئەگەر هۆکارەکانی هەژموونی دەوڵەتێك یان هاوپەیمانێتیەکی دیاریکراو شکستی هێنا لە گۆڕینی رەفتاری دەوڵەتێك، ئەوا لەو کاتەدا دەوڵەت بۆ فشار و کاریگەری خستنە سەر دەوڵەتی بەرامبەر پەنا دەباتە بەر هێز و کەمترین بەکارهێنانی هێزیش بریتیە لە گەمارۆدان. وە ئەگەر ئابلۆقەدان و گەمارۆدانەکە لە لایەن هێزەکەی ترەوە بەرهەڵستی نەکرا، ئەوا بەبێ خوێن ڕشتن جێبەجێ دەکرێت و سەرکەوتوو دەبێت، بەلاًم ئەگەر جێبەجێ کرا بەلاًم سەرکەوتوو نەبوو شکستی هێنا لە گۆڕینی رەفتاری دەوڵەت، ئەوا هەوڵی زیادکردن و بردنە قۆناغێکی تری قەیرانەکە دەکات لە چەند ئاستێك:**

**پلان و مانۆرەکانی بەر لە قەیران: کە حاڵەتی جەنگی سارد و قەیرانی سیاسی و ئابووری و دیبلۆماسی و راگەیاندنی رەسمی دەگرێتەوە.**

**قەیرانە کلاسیکیەکان: توندبوونی هەڵوێستەکان و دەرخستنی هێز دەگرێتەوە.**

**قەیرانە توندەکان: کەمکردنەوەی نوێنەرایەتی دیبلۆماسی و ڕاگرتن و سڕکردنی پەیوەندییەکان و پچڕانی پەیوەندییەکان دەگرێتەوە وەك سووکایەتی کردن بە لایەنی بەرامبەر، یان هەڵدەستێت بە چەند جەنگێکی کلاسیکی و دەرکردن و دوورخستنەوەی دانیشتووان لە خاکەکەی خۆیان.**

**حاڵەتەکانی جەنگی مەرکەزی: مەبەست پێی هێش کردنە سەر ناوچەیەکە، یان هێرشە بۆ سەر سەربازەکانیان و دامودەزگا و دانیشتووەکانیان.**

**جەنگی سەربازی مەرکەزی: ئەوەش چەند حاڵەتێك دەگرێتەوە وەك راگەیاندنی گشتگیری جەنگ بە شێوەیەکی رەسمی، جەنگێکی هێواش دژی سەربازەکان و دامودەزگاکان و دژی هێزەکان و هێرشی دیاری نەکراو بۆ سەر هێزەکان.**

**جەنگی شارەکان: ئەمەش جەنگێکی هێواشە دژی شارەکان و هێرشێکی تێکشکێنەرە دژی مەدەنییەکان یان جەنگێکی فراوانە.**

## 4- جەنگە نهێنییەکان:

لەبەر ئەم کۆسپ و تەگەرانەی دانراوە لە بەکارهێنانی هێز بە شێوەیەکی ئاشکرا، ئەوا دەوڵەتان پەنا دەبەنە بەر جەنگی نهێنی و دەروونی و هەوالگری و سیخوڕی کردن و تێکدان و بردنی چەك و تیرۆر کردن و بە بارمتە گرتن و مین ڕێژ کردنی دەریاکان و کەنار دەریاکان و جەنگی پارتیزانی. ئەمەش لەبەرامبەر بارودۆخ و سروشتی ئێستای پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان و زیادبوونی ئەکتەرە نێودەوڵەتیەکان و زیادبوونی دیاردەکانی ئاژاوەی جیهانییە لە جەنگ و ململانێ و شۆڕش و شەڕە ناوەخۆییەکان. ئەمەش لە دەرەنجامی ویست و ئارەزووی دەوڵەتە زلهێزەکانە کە دەیانەوێت ڕۆڵێکی باڵا ببینن لە گۆڕپانی نێودەوڵەتی.

## جۆرەکانی جەنگ

ئەم جەنگانە هەمیشە سروشتێکی هێرشبەری هەیە کاتێك دەوڵەت پەلامارێکی لەناکاو دەوەشێنێت بۆ سەر ئەو بنکە و مۆڵگانەی سوپای دوژمنی لێ کۆدەبێتەوە لە ڕێگای بەکارهێنانی چەکە خێراو جوڵاوەکان.

### جەنگی لە ناکاو

جەنگی لە ناکاو، دەناسرێتەوە بە خێرایی لە هێرشبردن، کورتی ماوەی جەنگەکە، دەستوەشاندن لە ئامانجی هەستیار، خۆ بەدوورگرتنی لایەنی هێرشبەر لە زیانی گەورە.

### جەنگی خوێناوی و درێژخایەن

جەنگی خوێناوی و درێژخایەن: دەناسرێتەوە بە درێژی ماوەی جەنگەکە، توانای ئابوری سەربازی بەهێز لە لایەن لایەنی هێرشبەر، بەهێزی سەرکردەو بریاردان. نموونە: جەنگی عیراق – ئێران.

## جەنگی خۆپاراستن Preventive War؛

بریتیە لە لە ناوبردنی دوژمن پێش ئەوەی دەرفەتی خۆکۆکردنەوەو ئامادەکاری شەری هەبێت، ئەویش لە ئەنجامی بوونی زانیاری زۆر کە ئەگەر هێرش نەکرێتە سەر لایەنی بەرامبەر دەبێـە هەرەشەی گەورە، واتا پێش راگەیاندنی جەنگ لایەنێك گورزی خۆی دەوەشێنیت.

## جەنگی پوچەڵکردنەوەی پلانی دوژمن

لە کاتی بوونی مەترسی پێشوەختە، بە هۆی بوونی کێشەو ململانێ پێشووتر، کە دەبێتە پاساو هێنانەوە بۆ بەرپاکردنی شەڕ بە بیانوی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی.